**به ناوی کوردستانی گەوره .**

**ح. س. سۆران**
**soransa@hotmail.com**

**تاران - ٢٧٠٨/٦/١٢**

## بۆکان له میاندواو (نێوان دو ئاو) دا !!!

له کوردەواری دا زۆرتر مێزۆپۆتامی به نێوان دو رووباری دەجله و فەڕات دەڵێن ، که له زمانی یۆنانیەوه هاتوەته نێو زمانی کوردی و به مانای "میاندواو" یا نێوان دو چۆمانه . به زمانی عارەبیش پێی دەڵێن " بین النهرین " ، که ئەویش هەر ئەم مانایه دەدا . زوربەی سەرچاوەکانی ئەم دو رووباره، له کوردستانن و زۆر له ناوچەگەلی کوردستانی گەورەش دەکەونه نێوان ئەم دو چۆمه .

بەڵام من لەم نووسراوەیه دا دەمەوێ باسی مێزۆپۆتامی رۆژهەڵاتی ، یا هەرێمی میاندواو بکەم . شاری میاندواویش ، وەک زۆر له شارەکانی دیکه ، که ئێستا ئازەری نشینن و لەو لای میاندواویشەوەن ، له پێش دا شار و مەڵبەندی دانیشتن و ژینگەی کوردەواری بوه ، وەک شاری بناو ( که ناوێکی ئازەری نیه و کوردیه ) . بناو له سەر قاراغی رۆژهەڵاتی گۆلی ورمێیه و دەکەوێته باکووری میاندواو . دیسان لەولا ترەوه له قەراغی باکووری گۆلی ورمێ ، شاری "خۆی " یه ، که به کوردی "خوێ" یا خوێڵێنیشی پێ دەڵێن و زۆرتری خۆیی ئەو ناوچەیه ، لەوێوه بەرهەم دێ ، چون له قەراغ گۆلی ورمییه ، ئاوەکەی زۆر سوێره و خۆیی لێ دەگرن . یا ناوچەی "هەشتەرۆ"، لەو لای مەراغەوه ، له داوێنی چیای سەهەند که به کوردی واته ( هەشت چۆمان ) وەک ژاوەرۆ ، گاوەرۆ و تانجەرۆ و هتد . زوربەی ناوی ئاوایی و کێوەکانیش لەو مەڵبەنده هەر کوردیه ، وەک ئاوایی "جاڕەشین" ، "بەرەجۆ " و "سەرەجۆ " و کێوی "سەهەند" . میاندواویش له پیش دا به کوردی پێیان وتوه " دو ئاوان"، بەڵام له پاشان ، له گۆڕینی ناوی شارەکان دا له سەردەمی پەهلەوی، برێک فارساندویانه و ناویان ناوه "میاندواو "، که به کوردیش هەر یانی نێوان دو ئاوان یا بەینی دو رووبار . دەڵێن حاجی رەسووڵ ناوێکی کورد ، له سەر چۆمی تەته هو، نزیکەی سەد ساڵ پێش له میاندواو پردێکی دروست کردوه ، که ئێستاش ئەو جێگەیه هار ناوی پردی حاجی رەسووله. له دەورەی رەزا شاش دا ، ئەندازیارانی چێکۆسلاڤاکی ، له سەر چۆمی جەغەتو پردێکیان دروست کردوه ، که ئێستاش هەر ماوه .

ناوچەی میاندواو یا مێزۆپۆتامی رۆژهەڵاتی ، دەکەوێته نێوان دو رووباری جاغەتو (زەڕینه رود) و سیمینه رود ( تەتەهو ) ، که هەر دووکیان له مۆغەرەی باکووری جەله کێوی زاگڕۆسەوه ، سەرچاوه دەگرن و دەڕژێنه گۆلی ورمێ . هەر وەک وتم ، میاندواویش له پێش دا هەر شاری کورد بوه و ورده ورده ، ئێستا با بڵێم بوه به شاری ئازەری و تەنیا کەمایەتیەکی کوردی لێیه ،به واتەیەک ئەوێش وەک ورمێ ، خۆی و سەڵماسی لێ هاتوه .

بەڵام شاری بۆکان که له نێوان ئەو دو چۆمه دا هەڵکەوتوه و له هەوەڵەوه له سەر لێواری رۆژهەڵاتی تەتەهو بوه ، شارێکی تەواو کورده . ئەم شاره که له نزیکەی شەست کیلۆمێتری باشووری شاری میاندواو ، له مەڵبەندی مێزۆپتامی ( میان دواو) ی رۆژهەڵاته ، دووهەمین شاری گرنگی کورد نشینی ئەو هەرێمەیه ، که دەکەوێته نێوان چۆمی چەغەتو و تەتەهو . هەوەڵ شاری گرنگتری ناوچەی میاندواو ( نێوان تەتەهو و جەغەتو) ،شاری سەقزه ، که دەکرێ بڵێین له بۆکانیش

گەورە ترە و زۆر شارێکی لەمێژینەیە . شاری تەکاو ، ساینقەڵا و شارۆچکەگەلی "سیمینە" و " مەحموود جوغ و چەند شارە دێی دکیکەش لە هەرێمی کوردەواری ، هەر دەکەونە نێوان ئەم دو چۆمە، چون رووباری سارۆخ ، هۆڵەسو و چەرداو رو ( چەرداوڕۆ) ش ، لە لقەکانی چەغەتوون و ئەم شار و شارۆچکانە ، لە دەڤەر ، ئاوگر یا بەستێنی ئەوان دان .

بۆکان کە شارێکی کوردنشینی ناوچەی میاندواو(مێزۆپۆتامی) رۆژهەڵاتیە ، لە گەڵ خەڵکی میاندواو کە کۆنە شاری کوردە ، بەردەوام زۆر پەیوەندی دۆستی نزیکیان پێکەوە بوە . بۆ وێنە لە قات و قڕەکەی ئاخری سیەکانی هەتاوی دا ، حەشیمەتێکی زۆر لە میاندواو و عەجەمستانەوە پەنایان هێنا بۆ کوردستان،بە تاییەت بۆ بۆکان و لەوێ زۆر بە شیاوی و رێز میوانداریان لێ کردن ، لە دەست گرانی و قاتی رزگاریان کردن و هەتا لە عەجەمستان باران نەباری ، قاتوقڕ دوایی نەهات ونەکەوتنە فەرعانە ، نەیانهێشت بچنەوە بۆ ئەوێ ، بەڵام زۆر لەو ئازەریانە هێندە لە کوردستان جوامێری، میوانداری و دڵاواییان دی ، هەر لەوێ مانەوە و بوون بە کورد . کە ئێستا ئیدی منداڵەکانیان رەنگە زمانی ئازەریش نەزانن . ماموەستا هێمنیش باسی ئەم قات و قڕ و میوانداریەی کردوە . بریا کەسێکیش، بە زمانی فارسی کتێبێکی سەبارەت بەم کارەساتە بنووسیایە .

لە ساڵی ١٣٥٧ یش دا ، کە حەشیمەتی بەهایی میاندواو و عەجەمستان ، کەوتنە بەر تەشەنەی تیاچوون و پاکتاو ، دیسان زۆر یان پەنایان هێنا بۆ شاری بۆکان و شارگەلی دیکەی کورد نشینی رۆژهەڵات و ئێستا ئیدی لەوێ ماونەتەوە و زۆریان رێز لێ دەگرن. وام بیستوە ، زۆر لەم ئازەریە بەهاییانە ، دارتاشن یا کاریان کڕین و فرۆشی دارە .

قسە هەزارە و دوانی بە کارە :
ئایا نابێ چاوەڕوان بین ، کە ئێستا خەڵکی کورد و ئازەری ، لەسەر بناغەی دۆستی کۆماری دێمۆکڕاتیکی کوردستان و ئازربایجان و لە سەر خەندەکی ئەم گشتە پەیوەندی و دۆستایەتیە لە مێژینانە کە هەیانە ، باڵەخانەیەکی پتەو دروست بکەن ، تا لەو باڵەخانەیە دا ، بۆ وەرگرتنی مافە هاوبەشەکانیان تێ بکۆشن ، دەبێ دڵنیا بین ، کە ئەم دو گەلە تەنیا بەیەکەوە دەتوانن بە ئاواتە نەتەوەیە هاوبەش ،هاوڕەنگ و هاوریشەکانی خۆیان لە ئێران بگەن ، نەک بە دژایەتی لەگەڵ یەک .

گەلۆ تۆغا وانیە ؟